# شەونم

هۆنراوەی (71)

بی تو ای سرو روان باگل و گلشن چەکنم

لە گوڵ و گوڵشەنی بێ سەروی رەوان من چبکەم
لە سەری زولف و لە رووی سونبول و سوێسن چبکەم
گیانە لۆمەی نەتەوی هۆبوو کە نەمدی رووی تۆ
ئاینەی رووم نیەتی رووی وەکوو ئاسن چبکەم
ئەی نەسیحەتگەرەکەم رەخنە لە مەستان مەگرە
حەکمی وا کردووە قانوونی قەزا من چبکەم
بەرقی چەخماغە دەدا کاتێ مەکینەی غەیبی
بەرهەمی من کە لەبەر بایە لە سووتن چبکەم
دیل و بەندیمە لە بیری ستەمی شای تورکان
کوڕی زاڵی کە نەکا بیری خەلاسن چبکەم
ئاوڕی خێری گڕی ئاوری توورم کەنەبێ
شەوە، لەو وادی یە بێ لالەی رۆشن چبکەم
حافزا قەسری بەهەشتێ بەشە میراتی منە
لە کەلێن و کەلەوا و کاول و قوژبن چبکەم

حافزی حەقیقی